# ڕوو بەڕوو لەگەڵ بەختیار عەلیدا دەربارەی جەهل و گەمژەیی

**بەشی یەکەم**

**تاهیر ساڵح شەریف**

" دەربارەی جەهل و گەمژەیی "، ناونیشانی تازەترین وتاری " بەختیار عەلی "یە کە لە سایتی هاوڵاتیدا بلاوکراوەتەوە{بۆ خویندنەوەی وتارەکەی بەختیار کلیک لەسەر ئەم لینکە بکە : } .
لە هەمان وتاردا، بەختیار دەیەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان سێ زاراوە ڕابکێشێت کە ناویان " جەهل "، " گەمژەیی " و " مەعریفە "یە . لە دیدگای بەختیارەوە، جەهل و گەمژەیی، دوو دیاریدەن بە یەک ناوەڕۆکەوە و هەریەکیان ئەوی دیکەیان بەهێز دەکات . لە ڕوانگەی بەختیارەوە ئەم دوو دیاریدەیەش دەکەونە جەمسەری ناکۆکی دیاریدەیەکی دیکەوە کە ناوی " مەعریفە "یە . ئامانجی سەرەکی نووسەر لە وروژاندنی باسەکەیدا، نیگەران بوونی ئەوە بەرامبەر بە "سیستەم بوونی " جەهل و گەمژەیی " و بە پەراوێز کردنی مەعریفە وەک سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بەلام خاڵی سەرنج ڕاکێش لە باسەکەی بەختیاردا ئەوەیە کە بەختیار نە پێناسەیەکی ڕوونی بۆ " مەعریفە " هەیە، وەک چەمکێکی فەلسەفی و نە ڕێگا چارەیەکیشی پیشانداوە بۆ بە مەعریفەکردنی سیستەم و دەسەلات . سەرەڕای ئەوەش، بەختیار پێی وایە باسێکی فەلسەفی نوێ و گرنگی وروژاندووە و ڕۆشنبیری کورد نەیتوانیووە خۆی لە باسی جەهل و گەمژەیی بدات!... منیش وەک نووسەرێک بە ئاستێکی ڕۆشنبیری کەمەوە کە لە بواری فەلسەفە و تیۆری مەعریفەدا هەمە، دێمە ناو پۆلیمیکێکی درێژ و قوڵەوە لەگەڵ بەختیاردا تا بۆ خوێنەری ڕوون بکەمەوە تا چ ڕادەیەک بەختیار هەزمی ئەو باسانەیکردووە کە خۆی وەک باسی فەلسەفی و مەعریفی دەیانوروژێنێت . حوکمدان لە سەر قوڵبوونەوە لە بواری تیۆری مەعریفە و فەلسەفەدا، لە نێوان من و بەختیاردا، دەسپێرم بە پسپۆرانی ئەم بوارەگرنگە، نەک کەسانی نە شارەزا، بێ مەعریفە و تووتی ئاسا .... بەهەرحاڵ، لە ڕوانگەی بەختیارەوە دەسەلاتی کوردی جاهیلە، ئۆپۆزسیۆنیش لەو جاهیلترە و ڕۆشنبیر و کۆمەڵگەش نوقمی گەمژەیەتین !.. گەمژەیەتی و جەهل، تۆرێکی عەنکەبووتییە کە هەموو ژیانی ئێمەی مرۆڤی تەنیووە و ڕزگاربوونیش لەو تۆرە کارێکی مەحاڵە !... بەلام ئایا بەڕاستی دەسەلات جاهیلە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن لەو جاهیلترە ؟ ئایا لە دیدێکی فەلسەفییەوە کۆمەڵگە و نوخبەکانی ئەو گەمژەن ؟ ئایا بەختیار لە کام سەری ئەو جەهل و گەمژەییەدا وەستاوەتەوە کە وەک باسێکی فەلسەفی کرچوکاڵ دەرخواردی خوێنەری دەدات ؟ ... وەلامی ئەو پرسیارانە دەمانبەنەوە ناو خانەی پۆلیمیکێکی کۆن لەگەڵ بەختیاردا، بەلام لە سەردەمێکی نوێتردا .

## تێگەیشتنی بەختیار بەرامبەر بەجەهل و مەعریفە

جەهل چییە ؟ جەهل ووشەیەکی عەرەبییە و لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی ئیسلامییەوە . ئاینی ئیسلام، یەکێکە لەو ئاینە ئاسمانیانەی کە لە ڕێگای ململانێکردنی فیکر، خورافەو ئەدەبەوە لەگەڵ بیروڕا بتپەرستییەکانی سەردەمەکەی خۆیدا توانی ببێتە هێزێکی ئایدیۆلۆژی سەرتاپاگیر لە مێژووی عەرەبی و تەنانەت جیهانیشدا . یەکێک لە فاکتەرە هەر

بنەڕەتییەکانی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم ئاینە بۆ سەردەمانێکی دوورودرێژی مێژوویی، کارکردنی بێ پەرواو بێپسانەوەی ڕابەرانی فیکری ئەم ئاینەیە لە بواری زمان و ئەدەبی خورافیدا . گرنگیدان بە زمان، فەلسەفەی کەلامی و شیعر ، پانتاییەکی گەورەی لە مێژووی ئەم ئاینەدا دیاریکردووە . ڕابەرانی ئاینی ئیسلام، چ لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم ئاینەدا و چ بەدوای قەوارەگرتنی ئەودا، گرنگییەکی زۆریان بە بواری زمان و شیعر داوە. گرەوەی سەرکەوتنی محەمەد بەسەر بیروڕا جیاوازەکانی سەردەمەکەیدا، خۆی لەوەدا مسۆگەر کرد کە شۆڕشێکی زمانەوانی بەرپاکرد و ئەو شۆرشە زمانەوانییە، زمانی یەکگرتووی عەرەبی هێنایە کایەوە . قورئان زمانی یەکگرتووی هەموو عەرەبەکانە کە بە لەهجەی جیاواز قسە دەکەن . قورئان، داڕشتنی خورافەیە بە زمانێکی ئەدەبی و شیعری . قورئان زمانی شاعیرانەی جاهیلەتی ئاسمانییە بەرامبەر جاهیلییەتی بتپەرستانەی سەرزەوی . قورئان بە نەیارانی دینەکەی محەمەد دەڵێت " جاهل " و شەیتانیش بە " ابو جەهل – باوکی نەزان " پێناسە دەکات، لە حاڵێکدا کە ئەبو جەهل بەپێی سەردەمەکەی خۆی مرۆڤێکی زیرەک ولێهاتوو بووە لە بواری فەلسەفەی کەلامیدا، محەمەدی تەنگاوکردووە .... بەهەرحاڵ، محەمەد لە سەرەتادا بە شیعر، بە زمان و بە ووشە بەرەنگاری نەیارەکانی بووەوە، هەڵبەت دواتریش بەشمشێر . ووشەی " جەهل "، لە بەرەنگار بوونەوە و ململانێیەکی کەلامی نێوان محەمەد و نەیارەکانیدا، بووە ووشەیەکی باو لە ئەدەبیات و کلتووری ئیسلامیدا . جەهل ووشەیەکی سوکایەتی ئامێزە بە نەیارانی دینەکەی محەمەد . هەرکەس نەیاری ئەو دینە بووبێت، یان نەیاری بێت، هەر چەند زانا و داناش بێت، بە جاهل و نەفام ناوزەد دەکرێت . بەختیاریش لە سەردەمێکی نوێدا، بەهەمان ناوەرۆکی کینە ئامێزو سوکایەتی ئامێزەوە زاراوەی جەهل بەکار دەباتەوە . بەکاربردنی ئەم زاراوەیە لەلایەن بەختیارەوە، دوورە لەهەر جۆرە بنەمایەکی زانستی و مەعریفی . بەو هۆیەشەوە، بەختیار باسێکی زۆر کاڵوکرچ و دوور لە چەمکە فەلسەفی و مەعریفییەکەی هێناوەتەکایەوە . بەم حاڵەشەوە، دەبێت بزانین کە پێناسەی بەختیار بۆ جەهل چییە ؟ ئایا بەختیار توانیوێتی جەهل، وەک یەکێک لە زاراوە دیاریکراوەکانی ناو کایە فەلسەفی و مەعریفییەکان لە ئەبستراکترین ئاستی خۆیدا پێناسە بکات و تێبیگات ؟ بە ڕای من نەخێر، چونکە بەختیار نەیتوانیوە جەهل لە قوڵترین ئاستی فەلسەفیدا دەرک بکات و بەم پێیەش نەیتوانیوە لە ئاستی تێڕوانین و بینینی تەجریبی و حسی خۆی زیاتر بڕوات و زاراوەی جەهلمان لە بوعدێکی تیۆری و فەلسەفیدا بۆ ڕاڤە بکات . بەختیار ئەوا پێناسەی ( جەهل )مان بۆ دەکات :

{ لەسەرەتاوە دەبێت جیاکارییەك لە نێوان جەهل و گەمژەییدا بکەم. جەهل بریتییە لە نەزانین و بێئاگایی لە شتێك کە پێشتر خەڵکانێکی دی کاریان لەسەرکردوە و تێیدا بەدەرەنجامگەلی تایبەت گەیشتوون، واتە ئیشکردنە لە کایەیەکدا بێئەوەی ئاگاداری جەمسەرە گرنگ و تێزە و میتۆدە گرنگەکانی ناو ئەو کایەیە بیت، واتە جەهل بە مانا سادە و پراکتیکییەکەی نەزانینی زانیارییەکی زانراوە لەلایەن کەسێکەوە کە پێویستە ئەو زانیارییەی هەبێت تا بتوانیت لەو بوارەدا کاربکات. بەم پێناسەیە جاهیل کەسێکە کە زانیارییە گرنگەکانی بواری خۆی نازانێت. دیارە بێمانایە مرۆڤ بە دکتۆرێکی دان بڵێت بۆ تۆ لە بواری ئەندازەی کارەبادا شارەزا نیت، چونکە وشەی جەهل تەنیا کاتێك مانای هەیە کە بوونی مەعریفەت پێویست و واجیب بێت. چونکە گەر وانەبێت بەم مانایە هەموو مرۆڤەکانی دونیا بێ ناوازە و هەڵاوێرد جاهیلن – هێڵی تەئکیدەکان لە منەوەیە}.

بەختیار لە مانای چوار زاراوە، کە پانتاییەکی بەرچاویان لە کایە مەعریفی و باسە فەلسەفییەکاندا داگیرکردووە، تێنەگەشتووەو بەم هۆیەشەوە هەر چوار زاراوەکە تێکەڵ بەیەکتری دەکات و بەشێوەیەکی دڵخوازانە پێکەوەیان گرێدەداتەوە . ئەو چوار زاراوەیەش بریتین لە { نەزانین }،

{ بێئاگایی یان ناهوشیاری }، { شارەزایی یان ئەزموون و ئێکسپرێنس} و { مەعریفە } . ئەو چوار زاراوەیە، کە هەریەکەیان هێماو ئاماژەیەکە بۆ پێناسەکردن و جیاکردنەوەی ئەمیان لەوی دیکەیان، لە تێگەیشتنی تەسک و ڕووکەشانەی بەختیاردا سنووروو هێڵیکی جیاکەرەوەیان نییە . بەختیار لەوە تێناگات کە جەهەل، یان نەزانی لە بواری تیۆری مەعریفەدا، ماناياکی زۆر جیاوازتر و بەرفراوانتری لە بێ ئاگایی، یان ناهوشیاری هەیە . لە بواری تیۆری مەعریفەدا، مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی " نەزان " نییە و تیۆری مەعریفە " نەزان ، یان جەهل "ی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە . پرسیارێکی کۆن کە لە بواری تیۆری مەعریفەدا لەو بارەیەوە هاتووەتە گۆڕێ ئەمەیە؛ ئایا فیکری مرۆڤ دەتوانێت دەرکی جیهانی ماددی دەوروبەری خۆی بکات و بیناسێت ؟ بەجۆرێکی تر، ئایا مێشکی مرۆڤ دەتوانێت جیهانی ماددی لە خۆیدا عەکس بکاتەوە ؟ وەک لە شوێنێکی دیکەدا بە بەختیارم گوتووەو بەختیار فزەی لێوە نەهاتووە ( کلیک لەسەر ئەم لینکە بکە )، پرسیارەکە لە ڕوانگەی ماتریالیزمی دیالکتیکەوە پۆزەتیڤە و بە تێگەیشتن و قەبوڵکردنی ئەوە کە " دیالیکتیک بریتییە لە یاسا گشتییەکانی جووڵانەوە چ لە دنیای ماددی و چ لە فیکری مرۆڤدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە مێشکی مرۆڤ دەتوانێت یاساگشتتییەکانی زاڵ بەسەر جووڵانەوەی سروشت و کۆمەڵدا لەخۆیدا ڕەنگ پێبداتەوە و ئەو یاسایانە بەشێوەیەکی هوشیارانە بەکار بەرێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە، یان سروشت و جیهانی ماددی دەوروبەری . ئەگەر مێشکی مرۆڤ توانای ئەوەی نەبووایە کە جیهانی ماددی دەرەوە لەخۆیدا ڕەنگ پێبداتەوە و توانای ناسینی یاسا گشتییەکانی زاڵ بەسەر جووڵانەوەی ئەوی نەبووایە، بە دڵنیاییەوەمرۆڤ نەیدەتوانی لە ئاژەڵ خۆی جیابکاتەوە و بە مانایەکی گشتی جاهل و گەمژە دەبوو . جیاوازی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ لەوەدایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاقڵە و ئەقڵەکەشی بەرهەمی مێشکییەتی . مێشکی مرۆڤیش بە درێژایی سەدان و هەزاران ساڵ لە گەشکردنی بەردەوامدا بووە. هەستانە سەرپێی مرۆڤ و گۆڕانی لە مەیمونەوە بۆ مرۆڤ، بە هاوکاری دەستەکانی و بە هۆی زمانەوە، بووە هۆی ئەوەکە مێشکی گەشە بکات و یاساکانی زاڵ بەسەر سروشتدا بدۆزێتەوە و لە خزمەت گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆیدا بەکاریان بەرێت . دۆزینەوەی یاساکانی زاڵ بەسەر جیهانی ماددیداو بەکار بردنی ئەویاسایانە لە پێناو گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا، مرۆڤی لە قۆناغی جەهلەوە گەیاندە قۆناغی زانین و زانیاری، بەم واتایە کە مرۆڤ خۆی ناسی وەک بوونەوەرێکی جیاواز لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکە لە سروشتدا . خۆ ناسینی مرۆڤ و ناسینی یاساکانی زاڵ بەسەر سروشت و کۆمەڵگەدا، مرۆڤی لە قۆناغی نەزانین و جەهل رزگارکرد . مرۆڤی ئەمرۆ، مرۆڤی چاخی بەردین و نیەندەرتاڵ نییە کە لەبارەی بوونی خۆییەوە لە جەهلدا بژی، بەڵکو مرۆڤی ئەمرۆ بە مانای فراوانی ووشەکە مرۆڤە و زانیاری لە بارەی بوونی خۆیەوە هەیە . مرۆڤی ئەمرۆ نەزان نییە تا نەتوانێت زاراوەی جەهل لە فیکری تێکەولێکەی بەختیاردا تێنەگات و شینەکاتەوە !... بەم حاڵەشەوە، جەهل ئەوە نییە کە بە ختیار تێیگەیشتووە و پێناسی دەکات :" جەهل بە مانا سادە و پراکتیکییەکەی نەزانینی زانیارییەکی زانراوە لەلایەن کەسێکەوە کە پێویستە ئەو زانیارییەی هەبێت تا بتوانیت لەو بوارەدا کاربکات- بەختیار، هەمان وتار " . ئەوەی بەختیار دەیڵێت، ئەگەر لە بوعدێکی دیالیکتیکی و لە بواری تیۆری مەعریفەدا شیبکەینەوە، هەرگیز مانای ( جەهل ) نادات بەدەستەوە، بەڵکو مانای ( شارەزا ) نەبوون یان شارەزابوون بە دەستەوە دەدات . شارەزابوونیش بۆخۆی لایەنێکی تیۆری ئەبستراک نییە، بەڵکو لایەنیکی پراکتیکی ڕووتە. دەکرێت بەختیار کۆلیژی هەندەسەی میکانیک تەواو بکات و لەڕووی تیۆرییەوە زانیاری تەواوی دەربارەی شێوەی کارکردن و جوڵانەوەی ئۆتۆمبیلێکی هەبێت، بەڵام لە بواری پراکتیکدا نەتوانێت ئۆتۆمۆبیلەکە لێبخورێت، یان کێشەی لە کارکەوتنی ئەومان بۆ چارەسەر بکات، بەڵام میکانیک ( فیتەر ) ێکی شارەزاو بە ئەزموون لەوبوارەدا، کە تەنانەت توانای نووسین و

جیاکردنەوەی ئەلف و بێیش نەبێت لەیەکتری، هەمان کێشەی لەکارکەوتنی  ئۆتۆمبیلەکامن بۆ چارەسەر بکات، یان لێیبخوڕێت. میکانیکێکی نەخوێندەوار، کۆلێژی ئەندازیاری میکانیکی نەدیوە و لە ڕووی تیۆرییەوە شارەزای یاساکانی زاڵ بە سەر جووڵانەوەی ئۆتۆمۆبیلی نییە، بەڵام لە بواری پراکتیکدا، ئەو شارەزایی و ئەزموونەی بەدەستهێناوە کە بزانێت کێشەی لەکارکەوتنی ئۆتۆمۆبیلەکە چییە و چارەسەرەکەشی چییە. ئایا دەکرێت ئەمە ناو لێبنێین جەهلی میکانیک،  لە بەرئەوەی کە میکانیکەکەمان لەڕووی تیۆرییەوە زانیاری لەپێشدا زانراوی بەدەستنەهێناوە ؟ ئایا دەکرێت بە تۆیش ، کە لەرووی تیۆرییەوە زانیاری تەواوت بە دەستهێناوە و لە بواری پراکتیکیشدا هیچ لە ئۆتۆمۆبیل نازانیت و ئەزموونێکت لە بوارەدا نییە پێت بڵێن زانا ؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا هیچتان نەزان، یان جاهیل نین لە بوارەکەی خۆتاندا، کە پێشتر وەک زانیاریەکی زانراو  لە لایەنی کەسانی دیکەوە بەدەستهێنراوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە هەردووڵاتان کەمو کوڕیتان لە بوارێکیدا هەیە؛ هەریەکەتان لە بوارێکی زانستی ئۆتۆمبیل دروستکردندا شارەزانین؛ یەکێکتان لە بواری تیۆری و ئەوی دیکەتان لە بواری پراکتیکدا، بەڵام لە دوا ئەنجامدا ئەوە بواری پراکتیکە کە شارەزابوونی مرۆڤ لە پیشەکەیدا دەردەخات و ئیسپاتی دەکات .... بەکورتی، مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو نموونە سادەیەی  پێشەوە ئەوە بوو کە ڕوونی بکەمەوە بەختیار باسێکی وروژاندووە کە خۆی لە باسەکەیدا پسپۆڕو شارەزانییە و پێویست بوو بەختیار لە پێشدا شارەزا بووایە لە بواری تیۆری مەعریفە، شارەزایی و جەهلدا، ئەوجا بهاتبایە باسی جەهل و گەمژەیی بوروژاندبایە . من ناڵێم بەختیار جاهیل و گەمژەیە لە بابەتێکدا کەخۆی وروژاندویتی، چونکە من بڕوام وایە کە مرۆڤ لە قۆناغی جەهل و نەزانین ( بەمانا فراوان و گشتییەکەی) ڕزگاری بووە، بەڵکو دەڵێم بەختیار شارەزای بوارێک نییە کە خۆی تێهاویشتووە و قسەی تێداکردووە، بەڵام دەبێت ئەوڕاستییەش بە ڕاشکاوانە بڵێم کە ئەگەر بەپێی هەمان تێگەیشتنی پێشەوەی بەختیار مامەڵە لەگەڵ باسەکەی ئەودا بکەین  دەربارەی جەهل و گەمژەیی، ئەوا ئەوکات بەختیار خۆی حوکمی جاهیل بوون و گەمژە بوونی خۆی دەردەکات، چونکە بواری تیۆری مەعریفە، ئەو بوارە بەرفراوانەیە کە بە دەیان فەیلەسوف کاری لەسەر کردووە و بەختیاریش  بەبێ هیچ شارەزایی و ئاگاییەک لەو باسەدا، خۆی تێهەڵقورتاندوە.  کەوایە بەهەمان پێوەری پێشەوەی بەختیار، خودی ئەو دەبێتە جاهل و گەمژە !. لەکۆتایی ئەم بەشەدا ماوەتەوە بڵێم؛ ئەگەر مرۆڤێک خۆی بە فەیلەسوف و زانا بزانێت و خەڵکی دیکەش بە جاهیل و گەمژە، ئەوا لە پێشدا تەعبیر لە جاهیل بوون و گەمژە بوونی خۆی دەکات و جەهل و گەمژەیی بە جەهل و گەمژەیی وەڵام دەداتەوە . بەختیار و ئیسلام لەو جەهل و گەمژەییەدا یەکدەگرنەوە، کە نەیارەکانی دەسەڵات و خۆیان بە جاهیل و گەمژە ناوزەد دەکەن .

ماوەیەتی